# لەگەڵ نەوەکانی داهاتوو لە پێوەندی دابە





جێهێشتنی بەرهەم و یادگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر بە نرخە، لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەوانەی کە بەرەو سەفەری بێ گەڕانەوە و ڕۆیشتون و کۆچی دواییان کردووە، کەمن ئەوانەی توانیویانە بەرهەم و یادگاری خۆیان بۆ نەوەکان جێبهێڵن و خۆیان بە وەچەی داهاتوو بناسێنن.

ئامێری YOURBOT ئەو ئامێرەیە کە پاش مەرگی ئێوەش ئیزن بە نەوەکانی داهاتوو دەدات زیاتر بتان ناسن و پەیوەندیان لەگەڵتان هەبێت. لەم ئامێرەدا دەتوانی تایبەتمەندییەکانی خۆت، کردار و ڕەفتارتان و بیرەوەری و بەسەرهاتی ژیانتان تێیدا بگێڕنەوە و خەزنی بکەن. پاشان وەڵامی هەندێك پرسیار دەدەیەوە کە مامۆستایانی زانکۆ ئامادەیان کردووە، پێویست ناکات هەموو پرسیارەکان پێکەوە وەڵام بدەیەوە، بەڵکو پێویستە کات بڕوات تا پێگەی داتا و زانیارییەکان پڕ بکرێنەوە. بۆ ئەوەی کە جۆری سێ ڕەهەندییەکەی وەك واقیعییەت بێت، هەندێك زانیاری و بیرەوەری وەك یەکەم ڕۆژی قوتابخانە، زەماوەند کردن و هیدی بە شێوەی ڤیدیۆیی تێیدا تۆمار بکرێن.




# لەسەر مۆبایلەکەت ئاگاداری منداڵەکەت بە

ئەو دایکانەی دەچنە دەرەوەی ماڵ و منداڵەکەیان لە خەو هەڵناستێنن، یان هەر حەز ناکەن منداڵەکەیان لەگەڵیان ببنە دەرەوەی ماڵ، دەتوانن هەر لەسەر مۆبایل ئاگاداری جموجۆڵی منداڵەکەیان بن. ئامێری EVOZ یەکێك لەو ئامێرانەیە کە ئاگاداری منداڵ دەبێت و بە ڕوونی HD فیلم بۆ سەرپەرشتیاری منداڵ بەرێ دەکات. ئەم ئامێرە نە تەنیا وێنەی ڕاستەوخۆی منداڵەکە دەگرێت، بەڵکو لە کەش و هەوای ژووری منداڵەکەش ئاگادارت دەکاتەوە. دەتوانی لە ڕێگەی دوورەوە لایەلایەش بۆ منداڵەکەت بڵێی.



# فلاش میمۆری یان کۆمپیوتەر؟




کۆمپیوتەرە قورس و مەزنەکان بەرەو ئەرشیفی مێژووی ئامێرە دیجیتالییەکان رۆیشتن، کەیسە گەورەکان لەسەر مێزی ئیدارەکان کەم بوونەتەوە. کۆمپیوتەرەکانی ئێستا لە سایزی تەبلێتێکدان. کۆمپانیای ئەنتەل و چەند کۆمپانیایەکی دیکە هەوڵیانداوە کۆمپیوتەرەکان لەوەش بچووکتر بکەنەوە، دروست بە قەد فلاش میمۆرییەك.

ئەم وێنەیەی لێرەدا دەبینن فلاش میمۆری نییە، بەڵکو کۆمپیوتەرێکە وەك هەموو کۆمپیوتەرەکانی دیکە، بە تایبەتمەندی زیاتریش. ئەم کۆمپیوتەرە ویندۆز٨ی لەسەرە. رامەکەی ٢ گێگابایتە. هاردی ناوخۆی ٣٢ گێگابایتە.

ئەنتەل پێشەنگ نەبووە لە داهێنانی ئەو جۆرە کۆمپیوتەرەدا، بەڵکو پێشووتریش، کۆمپیوتەری جۆری (کرۆم کۆست، فایر تی ڤی، دینگەل ستریم و ...تاد) بەرهەم هاتبوون. کۆمپیوتەرەکەی ئەنتەل کە بە compute stick ناسراوە، جیاوازی لەگەڵ فلاش کۆمپیوتەرەکانی پێشوو لەوەدایە کە سیستەمی ویندۆز٣٢ و سیستەمی لینۆکسیشی دەچێتە سەر و دەتواندرێت هەم مۆنتیۆری بۆ دابنرێ و هەم تەلەڤزیۆنی بۆ بکرێتە شاشە. سیستەمی وای-فای، بلوتوس٤، چەند شوێنێکی کێبڵی HDMI. تێدایە. بەهۆیەوە بەئاسانی دەتواندرێت پرۆگرامەکانی ئۆفیس بکەیەوە و وەك کۆمپیوتەری دیکە بۆ تۆڕی ئینتەرنێت بەکاری بێنی.




# داهاتووی ئۆتۆمبێل بەرەو کوێ؟

ئایندەی ئۆتۆمبێل دەگاتە چ ئاستێك و بەرەو کوێ دەڕوات؟ بە چاوخشاندن بە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئۆتۆمبێلەی کە لێرەدا وێنەکەی دەبینن، هەست دەکەین داهاتووی ئۆتۆمبێل، ئایندەی جیهانیش دەگۆڕێت!

کۆمپانیای شۆڤێرلێت بە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی جۆری FNR نیازیتە، توانی بە تەواوی گۆڕانکاری لە جیهانی ئۆتۆمبێلدا بکات. دیزاینێکی سەرنجڕاکێش کە زیاتر وەك فڕۆکەی شەڕکەر دەچێت تا ئۆتۆمبێلێك. بانی ئۆتۆمبێلەکە لە جامێکی بەهێز دروستکراوە. دەرگەکانی وەك باڵی باڵندە دەچن. دەرگای پێشەوە بەرەو پێشەوە دەکرێتەوە، بەڵام دەرگای پشتەوە بەرەو دواوە دەکرێتەوە. سەرنجتر لە هەموو بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکە تایەکانیەتی. کە هیچ وەك تایە ناچن. لەودا تایە هەیە، بەڵام ویلی تایە نابیندرێت. هەرکام لە تایەکان مۆتۆڕێکی ئەلیکترۆنی بۆ دانراوە. جگە لەوەی کە گلۆپەکانی لەیزەرین، هەر چوار تەنیشتەکەشی بە رووناکییەکی شین دادەپۆشرێن. کورسییەکانی پێشەوە بەرەو پشتەوەش دەسووڕێنەوە بۆ ئەوەی کە شۆفێر و کەسانی پشتەوە گفتوگۆ بکەن و ئۆتۆمبێلەکەش بەبێ شۆفێر بە رێگەدا بڕوات.

ئۆتۆمبێلەکە ئەلیکترۆنییە و بە شێوەی وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە. بەڵام ئایا ئەم ئۆتۆمبێلەی شۆڤێرلێت دەرگای کڕیارانی جیهانی بە روودا دەکرێتەوە، یان هەروەك سیستەمی ئۆتۆمبێلەکە خەیاڵییە و بۆ کڕینیشی پارەیەکی خەیاڵی دەوێت!؟





## گوگڵ مۆبایلەکەم لە کوێیە؟

بۆ نوکتە دەڵێن: کەسێك منداڵەکەی ون دەبێت، لە گوگڵدا بە دوایدا دەگەڕێت! ئەوە تەنیا نوکتەیە، بەڵام خزمەتگوزاری نوێی گوگڵ کە تایبەتە بە دۆزینەوەی مۆبایل ئەم نوکتەیەی کردۆتە راستی. بۆ دۆزینەوەی مۆبایلە ئەندرۆیدییەکەت لەسەر نەخشە، بە سوود وەرگرتن لە ئەکاونتی گوگڵی تایبەت بە خۆت، ئەم دەستەواژەیە بنووسە find my phone واتە مۆبایلەکەم بۆ بدۆزەوە. گەر هاندەکەت بزر کردبێت، بە ئاسانی شوێنی مۆبایلەکەت دەبینییەوە و تەنانەت دەتوانی زەنگیش لێبدات. ئەگەر زانیاری زۆر گرنگیشت هەیە و ناتهەوێ کەس بە زانیارییەکانت بزانێ، دەتوانی هەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت مۆبایلەکەت دابخەی، بەڵام دەبێت مۆبایلەکە هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، باتری لاپتۆپەکەم زۆر زوو دادەبەزێت هۆکارەکەی چییە؟ دەکرێ رێنوێنیم بکەن بۆ ئەوەی کە باتری لاپتۆپ زوو شەحنی دانەبەزێت؟

خوێنەری ئازیز: ئەم رێنوێنیانە وەرگرە تارادەیەك یارمەتیدەرت دەبێت.

- پێکەوە چەندین پرۆگرام مەکەوە بەتایبەتی پرۆگرامە قورسەکانی گرافیکی
- هارد دیسکی دەرەکی، یان فلاش میمۆری، یان مۆبایلت ئەگەر پێویست نییە لە کۆمپیوتەردا نەمێنن
- رووناکی شاشەکە کەم بکەوە
- سکرین سەیڤەر بۆ جوانکردنی شاشە بەکار مەهێنە
- شوێنی لاپتۆپەکە گەرم نەبێت، گەرما زیانێکی زۆر بەباتری دەگەیەنێت
- پەنکە واتە (فەن)ی لاپتۆپ هەمیشە خاوێن بێت بۆ ئەوەی بە باشی کار بکات

ئەم چەند هەنگاوە یارمەتیدەرت دەبێت بۆ ئەوەی باتری لاپتۆپەکەت زوو دانەبەزێت.





## فەبلێتی سێ سیم کارتە

فەبلێت دەستەواژەیەکی نوێیە کورتکراوەی دوو وشەی (فۆنی- تەبلێتە)، فەبلێت بەو ئامێرە دەگوترێت کە سایزەکەی وەك تەبلێتێکی ئاساییە و ئەرکی مۆبایلیش ئەنجام دەدات، لە راستیدا مۆبایلێکی هەندێك گەورەیە.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئەیسەر فەبلتێکی خستەڕوو کە ٣ سیم کارتی دەچێتە سەر و باترییەکەشی گەورەیە و درەنگ دادەبەزێت. فەبلێتەکە کە بە جۆری liquid x2 ناسراوە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەرکی وەڵامدانەوەو پەیوەندیکردنیان لە رۆژدا زۆرە، بۆیە سێ سیمکارتی لەسەرە. شاشەکەی ٥,٥ ئینجە، پرۆسیسەری جۆری 64 لەسەرە. کۆمپانیای بەرهەمهێن لەگەڵ فەبلێتەکە کەڤەرێکی تایبەتی بە ناوی Quick flip بەرهەم هێناوە بۆ نیشاندانی شاشەکە بە شێوەیەك جێی سەرنج و تێڕامان بێت، ئەگینا کەڤەرەکە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.




## پڕۆگرامێکی مۆبایل وێنەکانتان دەکاتە کاریکاتێر

سەدان پڕۆگرام و ئەپلکەیشنی مۆبایل هەن کە تایبەتن بە وێنە و دەستکاری و جوانکاری وێنە. ئەگەر یەکێك لەوانەی کە چێژ لە وێنەی کاریکاتۆری وەردەگری و حەز دەکەی وێنەیەکی کاریکاتۆر لە خۆت ببینی، لە پڕۆگرامی UFace سوود وەربگرە. دەتوانیت بە سوود وەرگرتن لە پڕۆگرامەکە وێنەکانی خۆت بکەی بە کارتۆنی سەرنجڕاکێش. دوای ئەوەی کە وێنەیەکت هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکاتە کاریکاتۆر، بە یەك چرکە کارەکە ئەنجام دەدات و وردەکاری دیکە کە خۆت پێتوایە دەبێت بکرێت، بەپێی ڕێنمایی پڕۆگرامەکە ئەنجامی بدە وەك، چاو، برۆ، لوت و لێو.... تاد. دوای ئەنجامدان و تەواوبوونی کارەکە ڕاستەوخۆ دەتوانیت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە.



## سایتێک بۆ ناسینی باڵندە

ئەگەر حەز دەکەی باڵندەکانی جیهان بناسی، یان حەزت لە ڕاگرتنی باڵندە و بەخێوکردنیەتی، سەر لە سایتی ww.rspb. org.uk بدە. لەم سایتەدا بەپێی ناو، یان گرووپ ئەو باڵندە بدۆزەوە کە حەزی لێدەکەی. تەنانەت دەتوانی لە سێرچەکەدا ئاماژە بە ڕەنگی پەڕوباڵ و شێوەی دەنووك و تایبەتمەندییەکانی دیکەی بکەی، تا بە یەك چرکە ئەو باڵندەیەی کە نیازتە بیدۆزیەوە و سەبارەت بە سووڕی ژیانی بزانی و دوای ئەوە لە سایتە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکەیەوە. جگە لەوەش هەر باڵندەیەك کە دۆزیەیوە دەتوانی گوێ لە دەنگیشی بگری.



## ئەنگوستیلەیەکی ماوس بە ستایلێکی جیاواز

ماوس گرنگترین ئامرازی پێکەوە پەیوەندانی مرۆڤ و کۆمپیوتەر و شاکلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەرە. لەڕاستیدا بەبێ ماوس ناکرێ بەپێی پێویست سوود لە کۆمپیوتەر وەربگری. ستایل و شیواز و جۆری ماوسەکان جیاوازن، هەرچەندە کاری هەموویان یەك شتە، ئەویش ەوەیە کە بە ئاسانی سوود لە کۆمپیوتەر وەربگری.

ئەم ماوسەی کە لێرەدا دەبینن وەك ئەنگوستیلە لە پەنجە دەخرێ. چەندین ڕەنگی جیاوازی هەیە. جگە لەوەی کە ماوسە گلۆپی لەیزەریشی هەیە کە بۆ وانە و ڕاهێنانەکان سوودی لێوەردەگیردرێت. ماوسەکە لە ڕێگەی (وای-فای)ـەوە بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەکرێت، بە کۆمپیوتەریش شەحن دەکرێتەوە و هەتا هەفتەیەك شەحنەکەی دانابەزێت. وەك ماوسێکی ئاسایی دوگمەکانی چەپ و ڕاست و تۆپێکی تایبەتی بۆ سووڕاندنی ئاماژەی ماوس لە کۆمپیوتەردا هەیە. بەکارهێنانی ئاسانترە لە ماوسی دەست و جگە لەوەش ستایلەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە.

